# جەمال تاهیر

## مامۆستایەکی بە سەلیقەی ڕێکخستنی نهێنی و

## سەرکردەیەکی خۆشەویستی ناو پێشمەرگە

دەمێ ساڵ بوو,ناوی مامۆستا جەمال-م بیستبوو ، حەزم دەکرد لە نزیکەوە بیناسم .. دوای دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار ، چالاکیی حزبایەتی و ڕێکخراوەیی ، بە شێوەی ئاشکرا ، لە شارەکانی کوردستان و عیراق بە بێ ترس دەکرا .. ساڵی حەفتا من خوێندکاری زانکۆی بەغدا بووم .. ماڵمان لە گەڕەکی مامۆستایان بوو لە سلێمانی .. لە ساڵی حەفتا و یەکدا, شێخ عومەر سەنگەسەری پێشمەرگەی گەڕاوە بوو لە حامیەکەی سلێمانی, خانوویەکی لە مامۆستایان گرت و بووە دراوسێمان .. هاتوو چۆی ماڵی یەکترمان دەکرد .. ئەندامی ڕێکخراوی عەسکەری بوو ، مامۆستا جەمال کرایە لێپرسراوی ئەو ڕێکخراوە .. بە هۆی کاری ڕێکخستنەوە ، زوو زوو دەهاتە ماڵی شێخ عومەر .. بە هۆی شێخ عومەرەوە ، بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە یەکترماننناسی ... پەیوەندیی نێوانمان گەرم بوو .. هەر جارێ لە بەغدا بهاتمایەتەوە یەکترمان دەبینی . بیر و بۆچوونمان ئاڵ و گۆڕ دەکرد, لە زۆربەی مەسەلەکاندا یەك رابووین هەتا حکومەت لە جێبەجێ کردنی بەیاننامەکە پاشگەز نەبۆوە, ئەو پەیوەندییە تونــد و تۆڵەی ئێمەش بە بەردەوامی مایەوە .

### ساڵی حەفتاو چوار و دەستپێکردنەوەی شۆڕش :

لە سەرەتای مانگەکانی ساڵی حەفتا و چواردا ، بە تەواوی نێوان شۆڕش و حکومەت ، تێکچوو هەموو بارەگاکان و هێزی پێشمەرگە ، ڕوویانکردە ناوچە رزگار کراوەکان . لە مانگی چواری ئەوساڵەدا ، لە لقی چوارەوە ، بە پلەی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەرەداخ ، نێردرامە قەرەداخ .. ئەو کاتە, کاك ساڵحە پیر لێپرسراوی ناوچە و کاك سەرکەوت تۆفیق و مامۆستا تالب رۆستەم کارگێڕی ناوچە و مامۆستا جەمال و چەند کەسێتر ئەندامی ناوچە بوون . مامۆستا جەمال لێپرسراوی ڕێکخراوی وارماوا بوو . بۆ یەکەمجار لە گوندی نەوتی یەکترمان بینییەوە, پەیوەندیی هاورێتیمان دەستی پێکردەوە, هەر جارێك بۆ ئیش و کار دەهاتە ناوچە ,چەند بمایەتەوە کاتمان بە یەکەوە ، بەسەر دەبرد .. بە هۆی نزیکی لە کادر و فەرماندەکانی پێشمەرگەوە, شارەزاییەکی زۆر باشی لە سەر یەکە یەکەیان هەبوو, رەفتار و هەڵس و کەوت و ئاستی هۆشیاری یەکە یەکەیانی بۆ باس دەکردم رەفتاری زۆریانی بە دڵ نەبوو, بۆچوونی وابوو .. بەرنامە دابنرێت ، بۆ قسە کردن لە گەڵیاندا .. بە مەبەستی خۆ چاککردن .. بۆ ئەوەی کرداریان شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانە بێت, چونکە ئەو ڕای وابوو تەنها سزادان هۆی چارەسەر نییە .

زانیاری تەواو هەبوو ، کە حکومەت پەلاماری گەرمیان و قەرەداخ دەدات بەرنامەی زۆر باشی هەبوو, بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە ، بەرگری کردن و دەست وەشاندن, بەڵام بە داخەوە ، فەرماندەکانی پێشمەرگە ، کادری حزبییان بە هیچ نەدەزانی ، گوێیان بۆ نەدەگرتن و حەزیان لە چارەیان نەبوو کاتێ لە مانگی شەشدا ، حکومەت لە هەموو لایەکەوە ، پەلاماری قەرەداخیدا .. لەبەر ئەوەی بەرنامەی دارێژراو نەبوو ، ئامادە باشیی بۆ هێرشەکە نەکرابوو ، لە دوو شەو و دوو رۆژدا ، حکومەت ناوچەکەی گرت . هێزی پێشمەرگە و هەموو دام و دەزگاکانی شۆڕش پاشە

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کشەیان کرد و ناوچەکەیان چۆڵکرد . ئەو شکستە عەسکەرییەی هێزی پێشمەرگە دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك کە لێرەدا ، ناکرێت باسبکرێت .

یەکەمڕۆژی هێرشەکە, بارەگای ناوچەمان ، لە قەرەداخەوە گواستەوە ، بۆ پشتی گوندی ( سەرکۆ ) زۆربەی کادرو پێشمەرگەکانی ناوچە چەکیان نەبوو ، ئەوەشی چەکی هەبوو ، تەقەمەنی پێنەبوو . مامۆستا جەمال وتی با بەیەکەوە بچین بۆ لای ئامر هێز داوای چەك و تەقەمەنی بکەین . بەیەکەوە چووینە جافەران ، بۆ لای کاك ساڵح پێداوی ئامیر هێز برادەرێکی ناوچە, ژێر بە ژێر و بە بێ ویژدانانە راپۆرتێکی زۆر خراپی لە سەر مامۆستا جەمال ، بۆ ئامر هێز نووسیبوو . لەسەر ئەو راپۆرتەو نووسەرەکەی پێشتر لەگەڵ ئامیر هێزدا بە دوور و درێژی قسەمان کردبوو . مامۆستا ئاگاداری ئەو راپۆرتە نەبوو, ئامر هێز دەیووت من مامۆستام خۆشدەوێت لە بەر ئەوەی ، بە بەردەوامی لە گەڵ پێشمەرگەدایە و لە شەڕەکاندا بەشدارە و رۆڵی زۆر باش دەبینێت ، فەرماندەکان و پێشمەرگە زۆریان خۆش دەوێت.

کە چووینە هێز و بەیەکترم ناساندن, ئامر هێز زۆر خۆشحاڵبوو ، زۆر بەگەرمی بە خێر هاتنی کرد . هەرچەندە لەو کاتەدا ، باری دەروونی ئامیر هێز زۆر خراپ بوو ... باسی چەك و تەقەمەنیمان کرد . وتی لە بەر خاتری مامۆستا, چەند لە توانادا هەبێت ، هاوکاریتان دەکەین . بانگی سادق جافەرانی کرد، کە لێپرسراوی مەشجەب بوو ،. وتی لە گەڵیان بچۆ و چییان ویست بیاندەرێ .. کە چووینە سەر مەشجەبەکە (19) چەك بە کەلك دەهات ، چەکەکان و چەند سندووق فیشەکمان وەرگرت و گەڕاینەوە ، بۆ ناوچە.. برادەران بە پیرمانەوە هاتن, کە زانیان بە دەستی بەتاڵ نەگەڕاوینەتەوە ، زۆر خۆشحاڵ بوون رووم کردە برادەران وتم: ( بزانن ئەم چەك و تەقەمەنییە, هەر هەمووی لە بەر خاتری مامۆستا جەمال دراوە بە ناوچە) دیارە لەم قسەیەمدا مەبەستم هەبوو, چەك و تەقەمەنی بەسەر هەڤاڵاندا دابەشکرا . بۆ ئێوارە ، بەرنامەی پاشە کشە لە گەڵ هێزدا دانرا, دوای ئەوەی هەموو هێزەکان گەیشتنە زنجیرە شاخی میریاسی و فەقیرە .. ئێمەی برادەرانی ناوچە دابەشبووین ، من و مامۆستا تالب بەر قۆڵی میریاسی و سەرکەوت و مامۆستا جەمال بەر قۆڵی فەقیرە کەوتین ..

## رێکخستنەوەی هێزەکان و دانانەوەی بارەگاکان :

پاش هەفتەیەك ، لە پێنجوین یەکترمان بینییەوە ، وتی خۆ بینیت چیمان بەسەر هات دیارە هەر ئیش و کارێك بێ بەرنامە بێت ، کاری جیدی بۆ نەکرێت ، وەکو هێزی کەرکووکی لێدێت دوای ئەو یەکتر بینینە ، لقی چوار داوای کردین بۆ کۆبوونەوە لە بناوە سووتە کۆبوونەوەکە کاك عەبدولی سووران وەکو لێپرسراوی لق سەرپەرشتی دەکرد ، کاك دکتۆر کەمال خۆشناو ، مامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت ، کاك محەمەدی مەلا عەبدوڵلا و کاك محەمەد رەحیم ، وەکو کارگێڕان و ئەندامانی لق ئامادە بوون ئێمەش هەموو ئەندامانی ناوچە و شەهید کاك شێرکۆی شێخ عەلی وەکو لێپرسراوی تازەی ناوچە ئامادە بوو .

لە کۆبوونەوەکەدا, قسە و گفتو گۆی هەمە لایەنە ، لە سەر ناوچەکە و شکستەکە و بێ سەرو بەری هێزی پێشمەرگە و کەم و کوورییەکان کرا .. دوا بڕیار دانانەوەی بارەگای ناوچە بوو ، کە بڕیار درا لە ناوچەی بەرزنجە دابنرێتەوە و لەوێوە ، سەرپەرشتی ناوچەکە بکرێت دوای ئەوەی پێداویستییەکان دابینکرا, کاك شێرکۆ و چەند برادەرێك ، بەرەو حاجی مامەند و بەرزنجە کەوتنە رێ دوای چەند رۆژێ لە گەڵ مامۆستا جەمالدا ئێمەش بەرەو بەرزنجە ، لە ناڵپارێزەوە ، بەرێکەوتین .. دەبوو لە ناڵپارێزەوە بە پێ بڕۆین, چەند پێشمەرگەیەکمان لە گەڵدا بوو ، شەو گەیشتینە دێی ( رەزڵە ) مامۆستا جەمال شارەزای ناوچەکە و خەڵکەکەی بوو, وتی: کاکە, ئێستا لە دەرگای

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

هەر ماڵێك بدەین دەرگامان لێ ناکەنەوە, بە تایبەتیش گەر بزانن پێشمەرگەین, من وای بەباش دەزانم , بچینە ماڵی کاك شێخ محەممەدی باساکی , هەڵبەت خۆی لە ماڵ نییە کاتێ لە دەرگا دەدەین, دەڵێین پێشمەرگەین لەگەڵ فلان کەسدا هەر گوێیان لە ناوی (شێخ) بێت یەکسەر دەرگامان لێدەکەنەوە. لە سەر قسەکەی چووینە بەر ماڵی کاك شێخ محەممەد و لە دەرگا درا و کە هاتن بە دەنگی دەرگاکەوە ، مامۆستا جەمال وەڵامی دانەوە ، وەکو خۆی وتی, وا وەڵامیان داینەوە یەکسەر دەرگا کرایەوە . زۆر بە گەرمی بەخێر هاتن و پێشوازییان کردین ... دیوەخان کرایەوە بەو شەوە, نانیان بۆ ئامادە کردین, تا سەعات یەکی شەو دانیشتین, خزمەتێکی زۆر زۆریان کردین . بەیانی دوای نان و چا خواردن ، دوو وڵاخیان لەگەڵ زەلامێکدا ئامادە کردبوو .. بەرەو ( باساك ) کەوتینە رێ .. باساك لە ترسی قەسفی فڕۆکە ، گوندەکەیان چۆڵکردبوو . ماڵی خاڵە شێخ غەریبی باساك لەسەر کانی و ئاوێك بوون ، حەیوانیان بۆ نیوەڕۆژە بۆ سەربڕین .

لە گەڵ کاك شێخ تاهیر-ی کوڕی خاڵە شێخ غەریب ، کە ئەفسەری راکردوو سەرلقی هێزی خەبات بوو ، دانیشتبووین, قسەمان دەکرد . کاتێکمان زانی, دەستی بە گیرفانیدا کرد و وێنەیەکی شێخ حەسەنی مارگر و پارچەیەك وەرەقەی نووسراوی لە نایلۆن گیراوی دەرهێنا, وتی ئەمە لە جێی گوللە بەند هەڵم گرتووە . مامۆستا جەمال لە دەستی وەرگرت و بە پێکەنینەوە سەیریکردو وتی, کاکە شێخ بە نیازی لە شەڕدا ، ئەمانە بتپارێزن و گوللە نەتبڕێ ..؟.. کاکە ئەگەر دلگیر نابیت و بە قسەم دەکەیت, بە پشتی ئەمانە خۆت دەستخەڕۆ مەکە و مەچۆرە شەڕەوە . گوللە لەمانە ناگەرێتەوە, ئەگەر دەزانیت بە وێنە و دۆعای شێخ حەسەن گوللە دەگەڕێتەوە ، خۆ تۆ و شێخ محەممەدیش شێخن با لە شەڕەکاندا ، ئێوە بخەینە سەنگەرەکانی پێشەوە و پێشمەرگە بە کوشت نەدەین .

دوای نیوەڕۆ, بەرەو ناوچە کەوتینە رێ . بارەگای ناوچەیان لە سەر کانی و ئاوێك لە پشتی بەرزنجەوە دانابوو, پێیان دەوت ( هەڕاو ) . بەیەکەوە شوێنی رۆژ و شەومان چاککرد . ئەو شەوە تا درەنگ نە نووستین. بەیانی کە هەستاین , مامۆستا جێگاکەی هەڵدایەوە ، کە سەیری کرد زیاتر لە دە دووپشکی لە ژێر دایە وتی سەیر سەیر, کە منیش جێگاکەم هەڵدایەوە بە هەمان شێوە بوو . مامۆستا وتی, بە زاتی خوا لە دەست بەعس رزگارمان بووە ، بەڵام وابزانم دووپشکی بەرزنجە رەپمان دەکات.

ئەو رۆژە ، ئێوارەکەی ، کاك حەمە رەشید باریکەیی ، پەیدا بوو ، لە شارباژێڕەوە گوێزرابۆوە بۆ قەرەداخ . ئەویش جێگاکەی هێنایە لای ئێمەوە, شەوانمان لە گەڵ نوکتە و قسە خۆشەکانی کاك حەمە رەشید دا بەسەر دەبرد. هەر زوو کەوتینە یەك , کە بارەگای ناوچەمان گواستەوە بۆ ئەحمەد ئاوا, لە کۆبوونەوەکاندا زۆر جار ، کە لەسەر مەسەلەیەك قسەدەکرا و را وەردەگیرا, کاك شێرکۆ بە کاڵتە و بە پێکەنینەوە دەیوت, ئەو سیانە یەك دەنگن, بە ئا یان بە نا .

**شەهید کردنی کاك حەمە رەشیدی برای مامۆستا جەمال :**

کاك حەمە رەشیدی برای مامۆستا جەمال ، بە بڕیاری لیژنەی ناوچەی سلێمانی بۆ سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناو شار ، لە سلێمانی مابۆوە .. هەر زوو کەوتە بەر شاڵاوی گرتن . لە کاتی کشانەوەی هێزەکان لە قەرەداخ , لەسەر جادەی سلێمانی – شارەزوور ، چەند کەسێ کەوتنە کەمینەوە و گیران , یەکێکیان ( ئەشرەف مەلا سەعید ) بوو , دوای چەند مانگێ بەربوو ، خۆی گەیاندەوە ناو شۆڕش و لە خورماڵەوە هاتە لام . چەند زانیارییەکی بەندیخانەی پێبوو , یەکێك لە زانیاریەکان ، هەواڵی شەهید کردنی باوکی عەبدوڵڵا سەعید بوو .. کە تەزبیحەکەی وەکو بەڵگەیەك لەگەڵ خۆی هێنابوو . منیش برادەرانی ناوچەم ئاگادار کرد . هەر لەو سەر و بەرەدا, هەواڵی شەهید

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کردنی کاك حەمە رەشیدی برای مامۆستا جەمال تاهیر-مان پێگەیشت ، برادەرانی ناوچە بڕیاریاندا ، دوای نان خواردنی نیوەڕۆ ، بچینە دەرەوەی خورماڵ و منیان دەست نیشان کرد ، کە کارەساتەکەی پێ بڵێم و لە گەڵیشی بچمەوە بۆ ماڵەوە بۆ تەوێڵە .

پاش نیوەڕۆ, ئەوانەی لەوێبوون لە گەڵ مامۆستا جەمال دا چووینە دەرەوەی خورماڵ و لە سەر بەرزییەك دانیشتین .هەواڵەکەم پێڕاگەیاند, یەکەمجار رەنگێکی هێنا و رەنگێکی برد , رەنگە سوورەکەی دەم و چاوی تێکچوو, سپی هەڵگەڕا, کەوتە پەنجە تەقاندن , دوای چەند دەقیقەیەك ، رەنگی هاتەوە سەر خۆی و رووی تێکردین و وتی : کاتی خۆی کە کاکەم ئەو شێوازە خەباتەی هەڵبژارد ، پێم خۆش نەبوو, لەبەر ئەوەی کەسێکی دیار و ناسراو بوو ، سوور دەمزانی سەرکەوتوو نابێت و زوو دەکەوێتە تۆڕی گرتنەوە کە گیرا, من دڵنیا بووم کە جارێکی تر نە ئێمە و نە منداڵەکانی نایبینینەوە . ئێستاش کە شەهیدیان کردووە, جیگای شانازیی و سەربەرزییە بۆ بنەماڵەکەمان . دیارە کاکەم یەکەم کەس و دوا کەس نییە دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە زۆر سوپاستان دەکەم , کە بە نەرێتێکی شۆڕشگێڕانە هەواڵەکەتان پێڕاگەیاندم , راستە وەکو برا برای ئێمەیە , بەڵام ئەو برای هەموو تێکۆشەرێکی گەلەکەمانە .

بە گەڕانەوەمان بۆ ناو خورماڵ , ناردم ئوتومبیلێکیان هێنا , بەرەو تەوێڵە کەوتینە ڕێ ئێوارە دنیا تەواو تاریك بوو بوو گەیشتینە تەوێڵە , چووینە ماڵەوە , کاك کەمالی برای لەوێ بوو , باوەشیان بەیەکدا کرد . بە گریانەوە ، هەواڵی شەهید بوونی بەویش وت , کاتێ هەواڵی مەرگ و شەهید بوونی برایەك بگاتە دوو برا, ئیتر بزانە چی دەبێت و چۆن دڵیان دەکوڵێ باوەش بە یەکدا دەکەن من تا ئێستاش دیمەنی ئەو دوو برایەم هەر لە پێش چاوە شەو تا درەنگ لایان ماینەوە . هەر چەند سەیری جێگا و رێگایانم دەکرد , بە حاڵە حاڵ جێگای کاك کەمالیش دەبۆوە , داوام لێکردن رێگامان بدەن ، کە ئێمە بۆ خەوتن بچینە شوێنێکی تر ، هەر چەند زۆر زۆری لا گران و ناخۆش بوو, بە سوور بوونی ئێمەش رێگایداین .. وتم ئیسماعیل بزانە شوێنێك پەیدا کە, چەند گەڕا جگە لە ساردی حەمامێك شوێن نەبوو . بە ناچاری چووینە ساردی حەمامەکە , شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو, لە گەڵ ئەوەشدا کە زۆر ناخۆش بوو, هەمووی سەعاتێ نەخەوتین تەق و هوڕی دەرگا لێدان ، دەستی پێکرد . ئەو شەوە یەکێك بوو لە شەوە ناخۆشەکانی پێشمەرگایەتیم .

## ساڵی حەفتا و پێنج و کارەساتی ئاشبەتاڵ :

دوای راگەیاندنی رێکەوتننامەی شوومی جەزایر .. کە لە بەری قەرەداخ گەڕامەوە چوومەوە بۆ بیارە .. بارەگای ناوچەمان چووبۆوە, دەرگا شێخان . رۆژێك مامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت ، لە لقەوە هات, کۆبوونەوەیەکی پێکردین , چەند راسپاردەی پێداین و برێ پارەی شەهیدانمان لابوو لێی وەرگرتین و گەڕایەوە سەیر لەوەدا بوو لەو پارەیە زیاتر لە ناوچەدا نەبوو, ئەو پارەیەش کە وەرگیرایەوە بۆ ئەوەنەبوو بدرێتەوە بەکەس و کاری شەهیدان, برادەرانی ناوچە کە ئەو رۆیشت خەریك بوو دەچوون بەگژ یەکدا لەسەر ئەوەی بۆچی ئەوپارەیە درایە مامۆستای ناوبراو..

هەر ئەو رۆیشت مامۆستا جەمال , من و کاك حەمە رەشیدی بانگ کردە لاوە , وتی: هەموو دیاردەکان, ئەوە دەسەلمێنن کە شۆڕش تەواو, بانگی محەممەد بە ئاشکرا خۆشە, بە رای من شۆڕش تەواو تەشتی تەلایان نایە سەر و ئاشبەتاڵە. با تا زووە, تەگبیرێکی خۆمان بکەین , وتی من دوو رێگام هەڵبژاردووە , یەکەم ئەگەر کادر و پێشمەرگە بە گوێمان بکەن , تا هێزەکان بڵاوەیان نەکردووە, لەو پێشمەرگە و فەرمانده و کادرانەی ، بە گوێمان

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

دەکەن و ئامادەییان تیادایە هێزێك دروست بکەین , دەست بە شەڕی پارتیزانی بکەین . ڕێگای دووەم , دوای ئەم سەرکردە بوودەڵانە نەکەوین بۆ ئێران , هەموویان باخەڵیان پڕە ، کەسانی وەکو ئێمە لە ئۆردوگادا ، سووك و ریسوا دەبین. کەسیان لێمان ناپرسنەوە من وای بە باش دەزانم, بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی , لە گەڵ لێشاوی گەڕانەوەدا ون دەبین ، ئێمە رای یەکەممان بەلاوە زۆر پەسەند بوو , هەر یەکەمان لای خۆمانەوە بۆی کەوتینە کار. " پێشمەرگەی زۆر و کادر و فەرماندەی زۆر پەیوەندیی پێوە کردین و ئامادەیی خۆیان نیشاندا , بەڵام بە داخەوە سەرکردە بەزیوەکان , رازی نەبوون و ماوەیان نەدا ، کە بەرنامەکەمان بەرینە سەر , بارو دۆخەکە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەك ئاڵۆز کرا , کەس لە سەر کەس رانەدەوەستا , کەس گوێی بۆ کەس نەدەگرت. مامۆستا جەمال هات بۆ لامان وتی, کاکە وا بەرنامەکەیان لێشێواندین , من دەڕۆمەوە , خۆم تەسلیمی حکومەتی بەعس دەکەمەوە , ئەگەر بشکوژرێم ئەوەم لا باشترە لەوەی دوای ئەم بەناو سەرکردانە بکەوم بۆ ئێران .. بە گریانەوە باوەشمان بە یەکدا کرد و خوا حافیزیمان لەیەککرد .

## گەڕانەوە و بینینەوەی مامۆستا جەمال :

لە مانگی چواری حەفتاو پێنجدا , لە گەڵ کاك حەمە رەشید ، گەڕاینەوە بۆ سلێمانی . دوای چەند رۆژێ , مامۆستا جەمال هات بۆلام بۆماڵەوە , دووبەدوو زیاتر لە سێ سەعات دانیشتین . بە وردی و بە درێژی ، باسی بار و دۆخەکە و هەڵوێستی چەند برادەر و نیازەکانی رژێمی بۆ باسکردم . وتی بارو دۆخەکە زۆر لە بارە بۆ ئەوەی خۆمان رێکبخەینەوە , شۆڕشێکی نوێ بە شێوازێکی نوێ دروست بکەینەوە . قسەکانی هەموو ئەو ترس و بەد گومانی و دڵە راوکێیەی هەمبوو رەوانیەوە , گوڕم و تینێکی زۆر باشی دامێ , بێ خەمی کردم ... بەرنامەی گونجاوی بۆ دانام . وتی ئیتر هەوڵ دەدەین بەبەردەوامی یەکتر ببینین ماوەیەکی تر بە یەکەوە سەرێك لە کاك حەمە رەشید دەدەین .

لە ماوەی هاوینەکەدا ، بە بەردەوامی ، لە گەڵ مامۆستا جەمال و فەهمی قەرەداخی و مامۆستا عەزیزدا ، یەکترمان دەبینی چەند جار لە گەڵ مامۆستا جەمال و عەزیز دا, سێ قۆڵی دادەنیشتین . پێش ئەوەی بەماڵ و منداڵەوە ، بڕۆم بۆ قەزای حەی لە پارێزگای واسیت, لە یانەی مامۆستایان شەوێك سێ قۆڵی دانیشتین بەرنامەی پەیوەندی و بە ئاگابوون لە یەکتریمان دارشت عەزیز لە عەزیزیە بوو , مامۆستا وای بە باش زانی کە ئێمە لە نزیکەوە ، ئاگامان لە یەك بێت و سەردانی یەکتر بکەین عەزیز وتی من سەڵتم , بە زۆری لە بەغدا دەمێنمەوە لە عەزیزیە شوێنی وام نییە , مادام تۆ نیشتەجێ دەبیت من دێم بۆ لات و ئەگەر تۆش بۆت کرا, جار جارە وەرە بۆ بەغدا, من لە ئوتێل سەرچنارم من زوو زوو دێمەوە بۆ سلێمانی, ئاگاداری شتەکان دەبم .. بە بۆنەی جەژنەوە , لە مانگی دوانزەی حەفتا و پێنجدا ، لە گەڵ منداڵەکاندا هاتمەوە بۆ سلێمانی مامۆستا جەمال-م بینی , وتی نامەیەکم بە عەزیزدا بۆ ناردی دیارە پێت نەگەیشتووە , وتم نەهاتووە , دیارە بە نیازە لە نیوەی ساڵدا بێت , چۆنییە بۆ جەژن نەهاتۆتەوە ؟

## ساڵی حەفتا و شەش و نیوەی ساڵ و بەرنامەی کارکردن :

نیوەی ساڵ , واتە مانگی ی1976نەهاتمەوە بۆ سلێمانی. کاتێکم زانی , عەزیز پەیدا بوو , وتی بۆیە هاتم, ئەگەر بڕۆنەوە بۆ سلێمانی بەیەکەوە دەڕۆینەوە . نامەکەی مامۆستا جەمال-یشی هێنابوو . دوو شەو و دوو رۆژ مایەوە , بەکەمی دەچووینە دەرەوە لە سەر نامەکەی مامۆستا جەمال بەرنامەی کار کردن و چۆنێتی پەیوەندی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کردنمان داڕشت و ئەو کەسانەی لە حەی و کوتدان ، بە پێی کەسەکان بەرنامەمان دانا .. کە بە هێمنی قسەیان لە گەڵدا بکەین و چاودێری هەڵس و کەوتیان بکەین .

**هاوینی حەفتا و شەش :**

لە بەر هەندێ هۆ لە هاویندا, منداڵەکانم نەبردەوە بۆ سلێمانی . لە گەڵ مامۆستا عەدناندا ، سەردانی دهۆك و سلێمانیمان کرد, ماوەی هەفتەیەك ماینەوە, لەو ماوەیەدا مامۆستایان جەمال و عەزیزم بینی , باسی رێکخستن و گرتنەوەی زۆر خەڵکی باشیان کرد . ئەوەیان باس کرد کە بە نیازن مەفرەزەی پێشمەرگە دروست بکرێتەوە. وردە وردە دەست بە چالاکی پێشمەرگانە بکرێت مامۆستا جەمال چەند بڵاوکراوەیەکی لابوو وەرم گرتن و دوای خوێندنەوە گێڕامنەوە . عەزیز وتی من هەوڵم داوە بۆ نەقڵ , لە سەدا سەد نەقڵ دەبمەوە بۆ سلێمانی .

## ساڵی 77 و بەرنامەی پەیوەندیکردن :

لە هاوینی ساڵەکەدا ، لەگەڵ منداڵەکاندا هاتینەوە بۆ سلێمانی هەفتانە لە گەڵ مامۆستا جەمالدا یەکترمان دەبینی . عەزیز چووبووە دەرەوە , رۆژێ مامۆستا وتی , مەفرەزەکانی پێشمەرگە خەریکی گەشە کردنن , پێویستیان بە کەسانی خاوەن ئەزموون و دڵسۆز هەیە لەو برادەرانەی دەیانناسیت و لێیان پشت ئەستووری, حەز دەکەم بیانبینین و قسەیان لە گەڵدا بکەین وتم حەسەن خاوێی و حەسەن سلێمان هەردووکیان زۆر باشن . ئەگەر ملبدەن و کاك حەمە رەشیدیش بۆ رێکخستن زۆر کەڵکی لێ وەردەگیرێت ..

سەردانی هەردوو حەسەنمان کرد و قسەمان یەکە یەکە لەگەڵدا کردن . هەردوو زۆر مەردانە ئامادە بوون , وتم ئیتر ئەوە ئێوە و مامۆستا جەمال , ئەو چ رێیەکی بۆ دانان , پەیڕەوی بکەن . رۆژێکیش دوو بە دوو چووین بۆ باریکە و سەرمان لە کاك حەمە رەشید دا .. چوونەکەمان زیاتر سەردان بوو .. گوێ گرتن بوو لە قسە و نوکتە خۆشەکانی کاك حەمە رەشید بڕیارمان دا ئێوارانێك سێ قۆڵی بچینە شوێنیك و دابنیشین و قسە بکەین . دوای چەند رۆژێ , بە جووتە بە ئوتومبێلەکەی کاك حەمە رەشید هاتن بەدوامدا و رۆیشتین , ویستمان بچینە بازاڕ بۆ شت کڕین . کاك حەمە رەشید وتی پێویست ناکات هەموو شتم ئامادە کردووە, بەرەو شارەزوور رۆیشتین و چووینە بالانتەران دانیشتین , کەوتینە شەن و کەوی کەم و کوڕییەکانی شۆڕش و جار ناجارێك کاك حەمە رەشید بە نوکتەیەك لە نوکتە خۆشەکانی, دانیشتنەکەی خۆشتر دەکرد . لە سەر زۆربەی کادر و فەرماندەکانی پێشمەرگە نوکتەی دەستە و یەخەی هەبوو کە قسەمان لە سەر رێکخستن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش کرد و زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی نیشان دا بۆ کار کردن مامۆستا جەمال هەستا و باوەشی پیادا کرد و ئەملا و ئەولای ماچ کرد . وتی بە خۆڕایی نییە من و شێخ تۆمان بە هاوڕێ و برا هەڵبژاردووە .

## شەهید ئارامو قەرەداغ:

رۆژێ مامۆستا جەمال وتی, دەزانیت کاك ئارام چۆتە قەرەداخ , وتم کاك ئارام و قەرەداخ ؟ کارێکی باشیان نەکردووە وتی, بەو نیازە چووە , لە هەموو گوندێکی قەرەداخدا ، رێکخستن دروست بکات ، لە نزیکەوە سەرپەرشتی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بکات بۆ ئەوەی بە بەرنامە وا بکرێت , حکومەت تەنها لە ناو شاری قەرەداخدا بمێنێت و پێشمەرگە بە ئارەزووی خۆی لە ناوچەکەدا هاتوو چۆ بکات .

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

وتم بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە, باشە چۆتە قەرەداخ , بەڵام بۆ کاک ئارام و مانەوەی لە ناوچەکەدا ، زۆر گرانە . چونکە شوێنێکی وەکو قەرەداخ , پێشمەرگەی دەستە و یەخە و زۆر کارامە و لەش ساغ و بە تاقەت و خاوەن ئەزموونی پێشمەرگایەتی و گورجی دەوێت کاک ئارام هەردوو چاوی کزە, تەندروستی کۆك نییە, پێشمەرگایەتی نەکردووە, توانای رۆیشتن و هەڵس و کەوتی نییە, ئەگەر راستت دەوێت , زوڵمیان لێکردووە چونکە برادەران هەر هەموو دەزانن, وەزعی قەرەداخ چۆنە . دەبوو کاك ئارامیان لە شوێنێکی ئارام دابنایە ، کە تەنها خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوایە من زۆر دەترسم لەکیسمان بچێت . مامۆستا پشتگیریی بۆچوونەکانی کردم .

## ساڵی هەشتا و گەڕانەوەم بۆ سلێمانی :

لە هاویندا ، لەگەڵ منداڵەکان هاتینەوە ، بڕیارم دابوو کە ئەگەر نەقڵیش نەبم , نەڕۆمەوە بۆ حەی . کە مامۆستا جەمال هات بۆ لام, بڕیارەکەم پێوت , وتی: ئەگەر نەقڵ نەبوویتەوە ، کارێکت بۆ دەدۆزینەوە ، خۆتی پێوە خەریك بکە کە نەقڵ کرامەوە, مامۆستا وتی پێم باشە جگە لە کاری رێکخستن ، ئیش لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیشدا بکەیت .

مامۆستا محەممەدی مەلا حسەینی پێناساندم , لە گەڵ مامۆستادا دەستم بە کار کرد , لە هەردوو بوارەکەدا , هەر چەندە من لە کەناڵی تایبەتی خۆمەوە کارم دەکرد, بەڵام بە بەردەوامی لە گەڵ مامۆستا جەمالدا ، یەکترمان دەبینی سەردانی ماڵی یەکترمان دەکرد, مامۆستا جەمال دووجار گیرا: هەردووجارەکە سپرزەی کردین, بۆئەوە نا کە بترسین لەوەی دەمانناسێت, بەڵکو لەبەر ئەوەی دەترساین بزانن کێیەو لەناوی بەرن. هەردووجارەکە بە لێبوردن ئازادکرا لە بەربوونەکاندا دەچووم بۆلای.. جاری یەکەم وتی لە ئەمن رۆژانی خورماڵو بیارەم دەهاتەوە یاد, کەبەسێ قۆڵی منو تۆو کاك حەمە رەشید گەردەشەمان دەکردو بەقسەکانی کاك حەمە رەشید پێدەکەنین. لەجاری دووەمدا وتی لە شوێنێك دایاننابووم.. گوێم لە قسەو رۆیشتنی ئەو کەسانە بوو کە هاتووچۆیان ئەکرد. وتی زیاتر لە ماوەی (40) شەو ورۆژ لەو شوێنەدابووم قاچەکانم لەئاودابوو. وتی ماوەیەك بە شوێنێکا هەڵیانواسیبوومو وایان هەڵواسیبووم کە خەوم لێدەکەوت چەناگەم دەیدا بە ئاسنێکداو خەبەرم دەبۆوە. بەو شێوە ئەشکەنجەیە زۆریان ئازاردامو وایان دەزانی دەمرم نەیانزانی وا دێمەوە ناوتان. کاتێ چووە دەرەوە, پاش چەند مانگێ لە سەرگەڵووەوە نامەیەکی بۆ ناردم داوای کردبوو سەردانی بکەم چەند جارێ خۆم ئامادە کرد بە داخەوە ، بە هۆی ئاڵۆزی بارو دۆخەکەوە ، رێکنەکەوت سەردانەکەی بکەم .. لە کۆنفرانسی دووی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ، کە لە بالیسان بەسترا, نەیتوانیبوو ئامادەی کۆنفرانسەکە بێت بە نامەیەك بەشداری کرد ..

مامۆستا جەمال .. مامۆستایەکی هەمیشە گەشبین و بەر چاو روون و دەم بە پێکەنین و زۆر بە سەلیقە و ورد بوو لە کاری رێکخستنی نهێنی ناو شار و, زۆر بە توانا بوو لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا زۆر زوو دەچووە دڵەوە و لێی بێزار نەدەبوویت . مامۆستایەکی بە جەرگی دوژمن بەزێنی ناو زیندانەکانی دوژمن بوو . سەرکردەیەکی لێوەشاوە و خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە بوو . رووناکبیرێکی هۆشیاری رێبازی پێشکەوتنخوازی کوردایەتی بوو .

**محەممەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com